# کەلێسای ئاو

کەریم دەشتی



١
بەیروت نە دایکی هەیە نە باوک
نەکچی هەیە نە نەوە
بەیروت تەنها دەریای سپی هەیە
ئەوە بۆلای تۆ دێم ئەی ئاو ئاوی سپی
٢
گیا لە ناو لمی کەنارو تاشە بەردەکان خەوتووە
ئاسۆ تەواوی شەپۆلی لەخوێنی جەستەی وەرداوە
٣
لەدرەختی ئاقیقەوە هاتووم
باوەشم پڕە لە شەوقی شکانەوە
ناو لەپم بۆنی بارانی گرتووە
تەرمی هەزاران شیوەرم
لە ڕۆحمدا هەڵگرتووە
٤
مەستێکم لە ترێ
دەمەوێ مەزارەکانت ببینم
تێنوێتی ڕۆحی نەخشاندووم
من کە بەندی ناو کتێبی وشکەڵانیم
پێویستیم بە فڕین و زێیەکانی دونیا هەیە
پێویستیم بە ڕەنگ هەیە

لە ئەتڵەسی گەورەی دونیا
زیماریکی زۆر کزم لە ناو هاواری دارستان
٥
بۆلات دێم ئەی ئاو
مانگ لەسەر دەریا بەتەنها
بەڕووت و قووتی وەستاوە

٦
بەیروت کچی تاقانەی دەریایە و لەسەلالەی مەسیحە
هەمیشەو بۆ ئەبەد لە ژێر تریفە دەوەستێ
سەیری هەیبەت و جوانییەکانی خۆی دەکات
٧
ماڵی فەیروز لەبەرزاییەکانەوە دیارە
نوری شیعرو مووەشەحەکانی ئەندەلوسی لێهەڵدەستێ
منیش کە دەمەوێ گۆرانی بڵێم
هەورەکان دێنە خوارەوە
تەمی غوربەت ئابلۆقەم دەدا
ناهێڵێ گۆرانییەکانم تەواوکەم
دەمەوێ شکاتی دڵی خۆم بۆ دەریا بەیان کەم
هاژەی شەپۆل گەروم دەگرێ
کە دەمەوێ تاوێ بگریم
باران دێت و لێناگەڕێ
٨
بەیروت لە ڕەنگی ئاو دەچێ
هێندەی دەریای هەڵمژیوە
بۆنی گەوهەرو شەرابی هەزار ساڵەی لێهەڵدەچێ
٩
من تەنیاترین شاعیرم لە لێواری دەریای تۆدا
هەست دەکەم تۆش تەنیاترین کچی دەریای
لەلێواری ئەم کەونەدا
بایەکانت لە مەچەکی خۆت لولداوە
خۆت لە پرۆشە پێچاوەتەوە
زەیتی ئەوین بە ئاگری دەریا دادەکەی
خەمی دونیات هەڵگرتووە
ئەرگیلەی خوا بەبا دەکەی
دەڵێی تازە لەمنداڵێتی خۆت هاتویتەوە

هەمیشە چاوت بە ئەشکی گەرم تەڕە
جارجار دەچییەوە لای بورجی دەریا
شیعری جوبران دەخوێنییەوە
١٠
گیا هەر دەڵێی سەرخۆشە لە لیمی کەنار کەوتووە
مانگ لە ئاسمان سەیری باخی دروز دەکا
دەریاش لە نێو ئامێزی تۆدا خەوتووە
١١
نەوڕەسەکان تا درەنگان یاری بە تیشکی مانگ دەکەن
جار جار لەگەڵ شەپۆلەکان دەچنەوە ناوەندی دەریا
خۆیان و کۆمەڵی ئاقیق دێنەوە لێواری دونیا
١٢
ماڵی فەیروز لەناو مانگەو گیا لە کەناران خەوتووە
نور لە زێماری هەڵدەسێ
بەسەر دەریادا دەپژێ
١٣
لە بەیروت
ئەوەی حەکایەتت بۆ دەگێڕێتەوە شەپۆلە
١٤
لەکۆڕنیشی دەریای سپی
ئافرەتەکان هەمووی کۆتری سپین
١٥
گیا ورد ورد شەوقی کەشتییەکان هەڵدەمژێ
بەیروت لە لێواری دەریا دەڵێی شاژنی بابلە ڕاکشاوە
هەندێ جاریش سەما دەکا
خەون بە مەریەمەوە دەبینێ
لەدەروازەی شار چاوەڕێی مەسیح دەکا
تا خاچەکەی لێ وەرگرێ
خۆی بە کەفچەری دەریا و نوور جوان دەکا
بەڵکو- سن میناس – بێتەوەو
سواری سەرپشتی ئەسپەکەی خۆی بکات و هەڵیگرێ
١٦
کەس نازانێ
ژمارەی دانیشتوانی بەیروت چەندە
چونکە لەسەر بنەمای شەپۆلە
کەس ناتوانێ شەپۆلی دەریا بژمێرێ

١٧
بەیروت جارجارە  جلوبەرگی قەددیسەکان لەبەردەکا
مانا دەڕژێنێتە دەریاو موریدەکانی بانگ دەکا
جارجار تاجی سۆفیستەکان لەسەر دەکا
تەرتیلەکانی ئەفسانە دەڵێتەوەو موناجات بۆ خودا دەکا
١٨
بەیروت بۆ ئەبەد گیرۆدەی خوداکانی دەریا بووە
لە شەقامی سوورا گۆرانیەکم بیرکەوتەوە
دەریا هێندەی هەڵمژی بوو
بوو بوو بە ئاو
١٩
هەندێ جار سپی سپی دەچێتەوە کە دەریا تووڕە دەبێ
هەندێ جاریش ڕەش ڕەش دەچێتەوە کە دەریا پێدەکەنێ
بەیروت وەک پەپولە ژیانی لە نێو ئاگری توڕیی دەریاو
شەمی پێکەنینی شەپۆل بەسەر دەچێ
٢٠
کچە جوانەکانی بەیروت کە گەرمایان دەبێ
جلەکانیان دەدەن بەدەریا
جەستەشیان دەدەن بە ئاشقەکان
هەر دەڵێی گوڵە پونگن
کە تەنکە تیشکێ لێیان دەدا ئاسمان پڕ دەبێ لە هەڵم
کە دێتەوە وەکو باران دەپرژێتە سەرو سیمای ئاشقەکان
٢١
بەیروت جگە لە زەمەنی دەریا لە هیچ زەمەنێکی تر ناژێ
بەیروت جگە لە زمانی دەریا هیچ زمانێکی تر نازانێ
جگە لەکتێبی دەریا هیچ کتێبێکی تر ناخوێنێتەوە
جگە لە ئەرگیلەی دەریا هیچ شتێکی تر هەڵناکێشێ
٢٢
بەیروت ئەی پەری دەریا
ئەوەندەی لە دڵم مابوو ئەویشت برد
٢٣
بەسەر کۆڕنیشی دەریای سپی وەستام
جگە لە ژیان، لە جوانی
هیچ شتێکی دیکەم نەدی

بەیروت-٢٠٠٩